# هةلَةبجة لةزاري بنةمالَةي شةهيدةكانيةوة .... طؤران هةلَةبجةيي



دەشێ کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بۆ ئیمەی کورد چ وەک تاک چ وەک کۆمەڵ هەروەک کارەسات و نەهامەتیەکانی دیکەلەزەین وهۆشماندا تۆماربووبێت وپتر لەدەمی یادکردنەوە یالە بۆنە ساسیەکاندابێتە بابەتی باس ولێکۆڵینەوەو وەبیرهێنانەوە. دەتوانم بێژم تەنانەت لەکن دانیشتوانی شارەکەش{جگە لە بنەماڵەی شەهیدان}ئەوبایەخ وگرنگیەی نەماوە. ئەمەش لەبەر ئەرەنیە گوایە لەیادیان چووبێت یاکاریگەری لەسەریان نەمابێت. نەخێربەبڕوای من کاریگەری قوڵی لەسەریان هەیەو زامێکە وئاسەواری هەرگیز سارێژ نابێت. وەلێ ئەوەی وایکردووە کارەساتەکە تا ڕادەیەک گرنگی لای دانیشتوانی شارەکە لەدەست بدات، سەختی ژیانی ڕۆژانەیان کە لەبێکاری، نەخۆشی، نائاوەدانی، ڕاکردن بەدووی پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانەدا دەبینێتەوە. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دی ئەوان واهەست دەکەن مەسەلەی کارەساتی شارەکەیان بازرگانی پێەوەدەکریت و ئەوگفت وبەڵێنانەی ناوەوەو دەرەوە هیچی لێ سەوزنابێت. لە ئاکامیشدا گۆڕانکاریەکی ئیجابی ئەوتۆ بەسەر ژیانیان و شارەکەیاندا نایەت .

لێ ئەو کارەساتە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەربنەماڵەی شەهیدان تەواو بەجۆرێکی دیکەیە. ئەوان بەردەوام لەنێوکارەساتەکەدادەژین شەهیدەکانیان هەردەم لەهزرو هۆشیاندا حزوری هەیە، ئاسەوارەکانیان هەموو ساتێک لە بەرچاویاندایە. سەرباری ئەوەش دۆخی ناهەمواری هەنوکەی خودی خۆیان وشارەکە لە زۆر لایەنەوە هێندەی دیکەبارگرانی کردوون و لە ڕووی دەروونیەوە ئازاریان دەدات .

بۆ ئەوەی لەنزیکەوە ئاشنای مە عانات وگلەیی وگازندەی بنەماڵەی شەهیدان بین، ئەم دیمانەیە بخوێننەوەکە لەتەک دووبرای خاوەن هەشت شەهیدا هاوینی پارلە هەڵەبجە ئەنجامم داوە. بێگومانم لەوەی کەزۆربەی ئەو گلەیی و گازندانەی ئەودووبرایە دەریدەبڕن هی زۆربەی بنەماڵەی شەهیدانی شارەکەشە، چونکە کورد گووتەنی مشتێک نموونەی خەروارێکە.



ناوم رزگار محەمەد ڕەشیدە

پیشەم مامۆستالە یەکێک لە قوتابخانەکانی هەڵەبجە .

باوکم دووکانی دۆڵدرمە { ئایسکریم} فرۆشی هەبوو. لەگەڵ هیوای برامدا بەرێوەیاندەبرد .

ئەو دەمەی کارەساتی هەڵەبجە ڕوویدا من لە سلەیمانی لە پەیمانگای مامۆستایان دەمخوێند .

لە بەشی ناوخۆ ئیمەی خوێندکارە هەڵەبجەییەکان بیستمان کە هەڵەبجە گیراوە زۆر بیتاقەت بووین. خۆمان کۆکردەوە بگەڕێینەوە بۆ هەڵەبجە .

هاتینە تەرمینال دیتمان پتر لە200 هەڵەبجەیی کۆبوونەتەوەدەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ هەڵەبجە، وەلێ ڕێگەی سەفەر گیرابوو .

بەغەموو پەژارەیەکی زۆرەوە گەڕاینەوە بۆ بەشی ناوخۆ .

پاش سێ ڕۆژ زانیمان کە شارەکەمان کیمیابارانکراوە.

کاك ئەکرەم برای مامۆستا ڕزگار

پیشە/کۆنە فەرمانبەری کشتوکاڵ وئێستاش بێکار



ئەو دەمەی کارەساتی هەڵەبجە ڕوویدا من لە باژێڕی بانە دەژیام بەرلەگرتنی شارەکە بەچەند ڕۆژێک پێشمەرگەیەکی زۆر ڕژابوونە نێو باژێڕی بانەوە. لە نیویاندا فایەق ناویکم دەناسی کەپ، م ی پارتی بوو. هەندێک پێکەوە دووایین گووتی بەنیازی هێرشین بۆ سەر هەڵەبجە، منیش بەو هەواڵە زۆرنیگەران بووم چوونکە دەمزانی وەڵامدانەوەی سەدام چیدەبێت. گووتم باشە هەڵەبجە بۆ، خۆ شارێکی ستراتیژی نیە گرتنی هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت؟ناسیاوەکەم گووتی وەڵا پێتخۆش بێت یا ناخۆش هەر هێرش دەکەین. منیش بە غەم و پەژارەیەکی زۆرەرەگەڕامەوە بۆماڵ. بۆ ڕۆژی دووایی بەیانیەکەی گوێڕادێری وێزگەیەکی ئێرانی بووم بەیاننامەی سەربازی دەخوێندەوە، کە تێیدا گووتی هێزەکانی سووپای ئیسلامی ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانیان بۆ بازێڕی هەڵەبجە لەم قۆڵانەوە دەست پێکردووە:خورماڵ، باڵامبۆ، بۆینوڕێشاو .

لە شەوێدا تی ڤی ئێرانی ئەو دەڤەرو شارۆچکانەی نیشندەدا کە کەوتبوونە ژێر کۆنترۆڵی سوپای ئێرانەوە، وەک خورماڵ، هەندێک لە دەشتی شارەزوور، ناحییەی سیروان تاد. بەڵام کە کامێراکە نزیکی هەڵەبجە دەکەوتەوە دەیبڕی، بۆیە بە مەزەنەی خۆم وای بۆجووم کە هەڵەبجە بەرگری تێدایەو نەگیراوە .

بۆڕۆژی دوایی دەمەو نیوەڕۆ لەنێو شاردا دەنگۆی کیمیاباران بڵاو بوویەوە. بۆڕۆژی دووایی تی ڤی هەڵەبجەی پاش کیمیابارانی نیشاندا، ئیدی ئەوەی لێیدەترسام ڕوویدا .

ڕۆژی دووایی لەگەڵ حەمید ملا خەرامان کە ئەویش هەڵەبجەییە بۆ سۆراخی کەسوکارمان بەرەوهەڵەبجە وەڕێکەوتین و سەرەتا چووینە مەریوان شاری مەریوان زۆر چۆڵ بوو ناوچەیەکی سەربازی بوو، بەخێرایی مەریوانمان بەرەو دزڵی بەجێهێشت. ماشێنێکی سەربازیمان دی کە سەربازەکان هەموو ماسکیان لەسەرکردبوو. ڕێگەیان نەداین بڕۆین وتیان کیمیایی هەیە، ئیمەشیان لەتەک خۆیان سوارکردوە کاتێکمان زانی خۆمان لە سنە دییەوە. لە سنە خەستەخانەیەکی مۆقەتیان بۆبریندارەکان دروست کردبووکە پتر لە 400 بریندارى لێبوو. لەوێ

ئەحمەدی وەستا قادری ئامۆزامم دی .

پاسداران ئەندامانی خێزانەکەمیان کووشت

چوومە لای کاک ئەحمەد دیتم حاڵی زۆر پەرێشانە بەکووڵ دەگریا، ووتی برا ماڵم وێران بوو ئیبادەبووین کەسم نەماوە ئەم کچە نەبێت. گووتی بەهیوای دەرچوون بە دوو سەیارە بەرەو سلیمانی وەڕێکەوتین، لەنزیک پردەکەی زەڵم دایانینە بەر هاوەن و گوولە هاوەنێک دای بەبەردەم سەیارەکەی شەماڵی کوڕمدا ئیدی هەرلەوێدا شەماڵ و کچەکانم و هەچی لەو سەیارەدابوو گیانیان لەدەستدا، پاسداران بوون تەقەیان لێ کردین .

پزیشکە فارسەکان وەک وەرگێڕ منیان بەکارهێنا ئەوەش دەرفەتێک بوو بۆم تا سۆراغی کەسوکارم بخۆم. لەوێ نەکەسیانم دیت و نە هەواڵیشم لە بارەیانەوە زانی .

بۆ ڕۆژی دوایی چووینە کرماشان و هەرسین و هەر سوێنێکی دیکە کە پەنابەرو بریندارى هەڵەبجەی لێبوو .

کارەسات لەوی بوو لە هەرسین، ئەوەی لەوێدیم هەرگیز لەیادم ناچێت. ئەو خەڵکە واپەرەوازە بووبوو وا لەیەک دابڕابوون، هەرکەس بۆ کەسێکی کە شیوەنی دەکرد. لەلایەک دایک بە دوای مێردو منداڵیدا دەگەڕا لە لایەکی دیکە کووڕ بەدووی دایک و باوکیدا دەگەڕا، یا باوک هەواڵی منداڵەکانی دەپرسی. کەس نەیدەزانی کێ لە خێزانەکەی ماوە یا نەباوە .

بەو بارە ناخۆشە لەوێ شەومانکردەوە، بۆ ڕۆژی دووایی

حەمید کەسوکاری خۆی لە یەکێک لە قووتابخانەکانی هەرسین دۆزیەوە منیش بێ هیوا دڵشکاو گەڕامەوە بۆ بانە .

خزمێکم لە بانە هەواڵی بۆهێنام کە ڕۆشنای کاک عومەری ڕەسام ئێستا لە بانە لە ماڵی حاجی مستەفای خزمیەتی، گووتی بڕۆبۆلای لەوانەیە ئەو هەواڵی ماڵی ئێوە بزانێت .

جوومە ماڵی حاجی مستەفا لەوێ ڕۆشنام بینی و سەرەتا هەواڵی ماڵی خۆیانم لێ پرسی. گووتی باوکم دایکم ئەوجاکەوتە ناو هێنانی خوشک و براکانی. ئیدی زانیم کارەسات ڕوویداوە و هەر خۆی دەرچووە .

ئەی ڕۆشنا گیان ماڵی ئێمە؟

مامۆستا رزگار/



لەبەر ئەوەی من سەر بە خێزانێکی سیاسی ناسراو بووم بەردەوام چاودێریم لەسەربوو بۆیە نەمدەتوانی بەسەربەستی بگەڕیم و هەوال بزانم. دووای سێ ڕۆژ زانیمان کە شارەکەمان بە چەکی کیمیاوی لێدراوەو کەسێکی زۆریش شەهید بووە .

من تا سێ مانگ نەمزانی کەسوکارم چیان بەسەر هاتووە، جاروبار هەواڵم دەستدەکەوت کە گوایە ماون و لە ئێرانن، بەڵام هەواڵەکان هیچ بنەمایەکیان نەبوو. تەنانەت جارێک هەڵەبجەییەک لە ئێرانەوە هاتبوو بۆ سلەیمانی گووتی پێم هیوای براتم لە گەرسین دیوە. پرسیم جاهیوا دەناسیت؟ووتی جۆن نایناسم چەندین جار دۆڵدرمەم لا خواردووە، تەنانەت بۆ گاڵتە پێم گووت ها شیوعی چ دەکەیت لێرە؟

دوواجار هەڵەبجەییەکی دیکە لە پاوەوە هاتبوو ڕاستی پێ گووتم .

گووتی{وەڵا مامۆستا گیان لە خێزانی ئێوە یەککەس دەرنەچووە هەموویان شەهید بوون، تەنانەت خێزانی هیوای براشت هەر هەموویان بە هیواشەوە شەهید بوون. }

ئیدی لەوە بەدووا من دڵنیا بووم کە کەسم نەماوە و لە دوودڵی ڕزگارم بوو .

کاک ئەکرەم

ڕۆشنا لە وەڵامدا ووتی ماڵی ئیوە ئەوەی لە شاربووهەموویان شەهید بوون. هەموویان لە ژێر زەمینەکەی ئێمەدا بوون، هیوا لە ناو دەرگای حەوشە کەوتبوو گەلاوێژی ژنیشی لەناو هەیوانەکە. گەلاویژ بانگی هیوای کرد ووتی وەرە بەلای مناڵەکانەوە، هیواس هوەلامی دایەوە ووتی گەلاوێژ من لێبوومەوە. گەلاوێژ گریا ووتی هیوا گیان شتی وا مەڵێ .

پاشان زانیم دڵخوازی خووشکم لەماڵی خەزووری شەهید بووە وە برایمی مێردیشی لە یەکێک لە خەستەخانەکانی تاران گیانی لەدەستدا .

مامؤستا ڕزگار

پاش ماوەیەک سوپای بەعس هە ڵەبجەی گرتەوە وە ڕێگەیان داین بچین کەلوپەلەکانمان بهێنین وە چەند هەڵەبجەییەک چووینە هەڵەبجە .

سەرەتا چوومە ژێرخانەکەی ماڵی کاک عومەری ڕەسام. هەرکە چوومە ژوورەوە لە حەوشەکەدابێشکەکەی ڕێبازی هیوای برامم دیت، کە چوومە خوارەوە دیتم پرە لە جل و قژەسەر دیار بوو بە قژ ڕانکێشابوونە دەرەوە. جل و بەرگی منداڵەکانی هیوام ناسیەوە هەروەها قەمسەڵەکەی هیوای براشم، دەستم کرد بە گیرفانیدا ناسناماکەی تیدابوو .

بەهەرحاڵ هەندێک کەلوپەلیم لەگەڵ خۆم هێنایەوە بۆ سلەیمانی .

پێکهێنانی کۆمەڵەی بەرگری لە مافی بنەماڵەی شەهیدان

پاش ڕاپەڕین و گەڕانەوەی زۆر لە دانیشتووانی شارکە بۆ هەڵەبجە

هەستاین بە دامەزراندنی کۆمەلەیەک بۆ پشتگیری لە بنەماڵەی شەهیدان، ئەویش لەو ڕوانگەوە گەر خۆمان شتێک بۆ خۆمان ناکەین ئەوا بێگومان کەسی دیکە بۆمان ناکات .

بە مەبەستی کۆمەک بە بنەماڵەی شەهیدان و ڕێکخراوەکەمان سەردانی چەندین لایەن وبەرپرسمان کرد، لە وەڵامدا دەیانگووت حکومەتەکەمان ساوایە توانامان نیە گەر شتێکمان پێبکرێت خۆمان دەیکەین .

شەهیدانە تەنها بۆ شەهیدانی سەنگەر هەیە

خەڵکی هەڵەبجەو بنەماڵەی شەهیدان زۆر بێزار بوون لەو پشتگوێخستنەی شارەکەیان. شەهیدانەیان تەنها بۆ شەهیدی سەنگەر دەبڕیەوە .

ساڵی 1994دا داوای شەهیدانەم کرد بەوەی کە خاوەنی 8 شەهیدم وەلێ بێ ئاکام بو، بەرپرسەکە گووتی ئێوە ناگرێتەوە تەنها شەهیدی سەنگەر دەگرێتەوە. کابرا بە گاڵتەوە گووتی 8 شەهیدی گەڕەکەتەن؟

پاشان کە بەڵگەنامەم بۆهێنان کە برایەکم شەهیدی سەنگەرە ئەوجایارمەتیاندام .

برادەرێکم بۆ یارمەتی چووبووە لای پارتی گووتبووی 6 شەهیدم هەیە، بەرپرسەکە بەسەرسوڕمانەوە پرسیبووی چۆن خاوەنی 6 شەهیدیت وهیچت بۆ نەکراوە؟ کە برادەرەکەم بۆی باسکردبوو کە شەهیدی کیمیاوین، ووتبووناخوات ناتوانین یارمەتیت بدەین .

سێسالّ لەمەبەرناوی ڕێکخراوەکەمان گۆڕی بۆکۆمەڵەی بەگژا چوونی چاکی کیمیاوی بۆ ئەوەی مەسەلەکە تەنها بە هەڵەبجەوە پەیوەست نەبێت. دکتۆر فایەق گوولّپی کرایە سکرتێری کۆمەڵەکە

لەسەر ئەوەش یەکیەتی دژایەتی کردین .

یا لەسەر بوونی چەندکەسێک لە ڕێکخراوەکەماندا دیسان هەندێک دژایەتیان کردینو یارمەتیان نەداین .

سەردانی چەند بەرپرسێکمان کرد لەوانە مام خەلال کاک مەسعود و کاک بەرهەم. کاک بەرهەم ووتی من تازە لە ئەمەریکا هاتوومەتەوە

یاگام لە هیچ نیە و تێناگەم بۆ یارمەتی نەدراون .

پاش ئەوەی شەهیدانەیان بڕیەوە بەبڕیارێکی ئەوەندە سەیر دەرکرابوو شمولی ئەوانەی نەدەکرد کە دایک و باوکیان شەهید بووبوو. تا سەردانی کاک سەلاح ڕەشید وەزیری مافی مرۆڤمان کرد ئەویش بە بڕیارێکی تایبەیت ئێمەی پێگرتەوە .

لەسەردانی کاک مەسعوددا هەموو شتێکمان بۆ باسکرد ئەویش دەستی کردەگریان، وەلێ بۆ یارمەتی ووتی ناتوانم یارمەتیتان بدەم چونکە ئێمە لەو دەڤەرە دەسەڵاتمان نیە. بەڵام خۆ دەیتوانی لە هەولێر یارمەتیمان بدات .

بەداخەوە لە مەسەلەی هەڵەبجەدا حزبایەتی ڕۆڵی سلبی دەبینێت، بۆنمونەلەبەر ئەوەی من حیزبی نەبووم مدیرەکەم لەمەسەلەیەکدا کە ناووم نووسرابوو کووژانمیەوەو حیزبیەکی خستە شوێنم .

ناوی 400 خانوو بۆ شەهیدهان دەرچووە بەڵام ئەوان بەو کەسانەی دەدەن کە سەر بە خۆیانە. ژمارەیەکیان داوە بابن کە گوایە ژمارەی ئەرزەیە بەڵام تائیستاش نازانم بوونی هەیە یانا .

سەبارەت بە ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجەش بە ڕاشکاوی دەڵێم کە لە شوینانی دیکە زیاتر ئاوەدانی کراوە

ئیمە ئاوی تێکەڵ بە زێراب دەخۆینەوە

هەر بۆنمونە ئەم گەڕەکەی منی لێدەژیم کۆنترین گەرەکی شارەکەیە

زێرابەکانی گیراوە بۆری ئاوەکانمان ڕزیوە تێکەک بە ئاوی زێراب بووە. تا بەو هۆوە تا ئێستا 4کەس تووسی نەخۆشی بوون .

بۆ ئەو مەبەستە چوومە لای دکتۆر سەباح ووتم ڕێگەم بدەن لەسەر حسابی خۆم چاکی بکەم بەلام ڕێگەیان نادام .

تەنانەت کەسێک باسی ئەوەی کرد کە لە تاقیگادادەرکەوتووە ئاوەکەی پیسە .

دەیانەوت بە خۆڕایی خانووەکانمان لێبستێنن

دووڕۆژ بەر لەئێستا دوو ئەندازیار هات ووتیان خانووەکانتان بەرجادەدەکەوێت قەرەبووشتان ناکەینەوە .

هەندێک لەهەڵەبجەییەکان وخانەوادەی شەهیدان لەبەر بەرژەوەندی حزبایەتی دژ بە بەرژەوەندی خۆیانکاردەکەن .

حزبایەتی وایکردووە کە کاربگاتە ئەوەی خاوەن شەهید مافەکەی خۆشی پیشێل بکات. کەسێکی خاوەن دووشەهیدلەبەر حزبایەتی دژی هەڵویستی هەموومان بوو، ئەویش لەبەر ئەوەی خۆیان تێرکردبوو .

وەلێ کە دووبەدوو دەبووین گلەیی و گازندەی لەمن زیاتربوو لە کاربەدەستان .

ئەندام مەڵبەندێک/ئێوەش ئاگاتان لەدەمی خۆتان بێت

بۆ مەسەلەی یارمەتی مامۆستایەک چوو بووە لای ئەندام مەڵبەندێک، ئەو ئەندام مەڵبەندە هەندێک قسەی بیستبوو بۆیە بە مامۆستەکەی گووتبوو ئێوەش ئاگاتان لەدەمی خۆتان بێت .

ئیدی ئەو مامۆستایە گووتی من تەواو هەرگیز قسەناکەم چوونکە پییان گووتم ئاگاتان لەدەمی خۆتان بێت.

یارمەتی بۆ بنەماڵەی شەهیدان هات بەرپرسەکان زەوتیانکرد بۆ خۆیان .
بریمەر لە سەردانەکەیدا بۆ هەڵەبجە بری یەک ملیۆن دۆلاری پێشکەش بە خاوەن شەهیدەکان کرد. پاش ماوەیەک فەرەج ناوێک کە ئەندامێکی ڕێکخراوەکەیە چووبووە لای مامۆستا شاهۆ بۆسۆراغی ئەو پارەیە .
مامۆستا شاهۆپێی گووتبوو ئەو پارەیە بۆ ئێوە نەهاتووە بۆ شارەکە هاتووە و ئێمە 2 قوتابخانەی پێدرووست دەکەین.
کاک فەرەج بۆی ڕوونکردبوویەوە کە نەخێر بۆ ئێمە هاتووە، تەنانەت من خۆم لە تەنیشت بریمەرەوە بووم دەستی خستە سەرشانم و گووتی
ئەوا ملیۆنێک دۆلارم پێشکەش کردن .
مامۆستا شاهۆ ووتبووی نایدەین قوتابخانەی پێدرووست دەکەین،
کاک فەرەخ بە توورەییەوە گووتبووی بۆ حوکمەت پارەی نیە قوتابخانەی پێدرووست بکات بە پارەی ئێمە نەبێت.
قوتابخانە درووستکردن ئەرکی سەرشانی حوکمەتە یا بە پارەی ئێمە .
جا گەر ئەو پارەیان نەخواردایە و بەسەر 1000 بنەماڵەی شەهیددا
دابەش بکردایە ئەوا هەر بنەماڵەیەک 1000 دۆلاری بەردەکەوت .
چەند سەرنجێک /
ئەم دیدارە کوورتکراوەتەوەو هەندێکیش دەستکاری کراوە .
بە چاکم زانی پرسیارەکانی خۆم دانەنێم .